ژوری تویژینەوەکان

سیاسی، ئابوری، ستراتیجی

# جەنگی ئۆکرانیا لێکەوتەو سیناریۆکانی




نیسانی ٢٠٢٢

# جەنگی ئۆکرانیا
# سیناریۆ و لێکەوتەکانی


**ژوری توێژینەوەکان– بزوتنەوەی گۆڕان**

Email: research.gorran@gmail.com


**نیسانی ٢٠٢٢**

## ناوەڕۆک


دەستپێک................................................................................................ ٢

چوارچێوەی تیۆری.................................................................................... ٣

ئۆکرانیا: ناسنامەو پێگەی جیۆسیاسی و دیمۆگرافی.................................................. ٥

ئۆکرانیاو توانا ئابورییەکانی.......................................................................... ٦

ئۆکرانیا: سەرەتای قۆناغێکی نوێ...................................................................... ٧

دۆخی نێوان ئۆکرانیاو روسیا بۆ گەیشت بە ئێستا؟..................................................... ٩

خواستی ڕوسیا بەرامبەر ئۆکرانیا...................................................................... ١٠

ململانێی ڕوسیا و ئەمریکا و وڵاتانی ناتۆ لەقەیرانی ئۆکرانیادا....................................... ١١

لێکەوتە ئابورییەکانی جەنگی روسیا و ئۆکرانیا لەسەر ئاستی جیهان................................... ١٢

لێکەوتەکانی جەنگی روسیا و ئۆکرانیا لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان............................ ١٥

سیناریۆکانی جەنگی روسیاو ئۆکرانیا................................................................. ١٨

دەرئەنجام.............................................................................................. ٢٢

سەرچاوەکان........................................................................................... ٢٤

## دەستپێک

ڤلادمیر پوتن سەرۆکی فیدراسیۆنی ڕوسیا لە ٢٤ شوباتی ٢٠٢٢ ئۆپەراسیۆن و جەنگی لەدژی ئۆکرانیا ڕاگەیاند، جەنگەکەش لەژێر ناو و پاساوی«ڕێگریکردن لەو کۆمەڵکوژییەی حکومەتی ئۆکرانیا لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردودا گرتویەتیەبەر، بەدیاریکراوی لەو ناوچانەی ئۆکرانیا، کە ڕوسی زمانن و داوای مافی چارەی خۆنوسین دەکەن». لە بەرامبەر ئەم هێرشەدا وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەوروپا و ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، وەڵامی خێرای روسیایان دایەوەو لەڕێگەی سزادانی ئابوری و هاوکاری سەربازی پاڵپشتیان بۆ ئۆکرانیا ڕاگەیاند، دژ بە هێرشەکانی ڤلادمیر پوتن.

پاش جەنگی دووەمی جیهانی، ئەمە بۆ یەکەم جارە جەنگێکی لەم شێوەیە لە نزیک سنورەکانی ئەورپادا ڕودەدات. ئەمەش وایکردووە ناوچەکەو جیهان لەئێستادا ڕوبەڕوی پرسی ناسەقامگیر و سیاسی و ئابوری و سەربازی ببێتەوە. دیارە هێرش بردن و بەرگریکردن بۆ هەریەک لەم وڵاتانە پاڵنەر و پرسی جدی و هۆکاری خۆی هەیە، کە دیارترینیان بە بۆچونێکی ڕیالیستی، پەیوەندیدارە بەپرسی ئاسایش و سەقامگیر و بەرژەوەندی سیاسی هەریەک لە وڵاتانی زلهێزی جیهان و وڵاتانی ناوچەکەوە.

تێڕوانین بۆ جەنگی ئۆکرانیا لە ڕوانگەی تیۆری و واقعی ڕاستەقینەی ڕوداوەکەوە، بەستراوە بەوەی بە چ چاویلکەیەک تەماشای ئەم پرسە دەکرێت. ئێمە لەڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە هەوڵدەدەین ئەم پرسە وەک بابەتێکی زانستی سیاسی و نێودەوڵەتی شرۆڤە بکەین، دواتر هۆکار و لێکەوتەو سیناریۆکانی جەنگەکەو پێشبینی ئایندەی پەیوەدنییەکانی روسیاو ئۆکرانیا، بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

بابەتی ئاسایش و سەقامگیری بابەتێکی فکریە[١]، بەستراوە بە تێڕوانین کارەکتەرە سیاسیەکان بۆ دەوروبەری خۆیان. "باری بوزان" باوەڕی وایە کە خاڵی دەسپێکی بابەتێکی ئاسایشی پەیوەندیدارە بە بڕیاری کارەکتەرە سیاسیەکانەوە، بەڵام چەمکی هزری بونی ئاسایش مانایەکی تەواوی نییە بەڵکو ئاسایش بابەتێکە لە کۆمەڵگادا پێناسە دەکرێ و دەناسێنرێت، بۆیە کاراکتەرەکان ئەتوانن هەندێک لە بابەت و پرسەکان بە دەستدرێژی لێک بدەنەوە و بەرامبەرەکانیان وا لێبکەن لە بەرپرسیاریەتیەکان پەیرەی بکەن، کەواتە ئاسایش بابەتێکی کۆمەڵایەتیە. بۆیە دەتوانین بڵێین تێگەشتنی تاک وەک کائینێکی کۆمەڵایەتی لەلێکدانەوە و بۆچون و خوێندنەوەی بۆ بابەتی ئاسایش گرنگیەکی تەواوی هەیە. لێرەدا جەنگی ئۆکرانیا

---

[1] Inter subjective

وەک بابەتێکی ئاسایشی لەپاڵ بابەتەکانی تردا لێک دەدەینەوە، دەرک و تێگەشتی سەرۆکی ڕوسیا و ئۆکرانیا و پاشانیش وڵاتانی ناتۆ لە ڕوانگەی ئەم تیۆریەوە بۆ پرسی ئاسایشی ناوچەکە دەخەینە ڕوو.

## چوارچێوەی تیۆری

یەکێک لە سادەترین تیۆریەکانی بابەتی ئاسایش تێروانینی تیۆری مەتەڵی ئاسایشە[2]. هەوڵی لە نیشاندانی گرفتی ئاسایش داوە. تیۆری مەتەڵی ئاسایش، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تێگەشتی کاراکتەرەکان بۆ بابەتی ئاسایش ڕۆڵی سەرەکی هەیە. کاراکتەرەکان لە بابەتی تێگەشتی ئاسایش (چ دروست، چ نادروست)، ئەگەر هاتوو بە دەستدرێژی لێکیاندایەوە، ئەوا ڕەفتار لەخۆ نیشان دەدەن و دەست بەهێرشکردن دەکەن، لە بیر و هۆشی خۆیاندا ئەم ڕەفتارە ڕواڵەتێکی تەواو بەرگریکارانەی هەیەو ئەو گریمانە دادەنێن کە نیەتی ئەمان بۆ دراوسێکانیان تەواو ئاشتیانەیە. لەکاتێکدا بەو شێوە نیەو دراوسێکانیان دەرک و لێکدانەوەی تەواو جیاوازیان هەیە. ئەم بابەتەش لای لایەنی بەرامبەر بونی هەیە، بۆ بەرزکردنەوەی پارێزگاری لە خۆی، دەست بەهەموو کارێکەوە دەنێت، ئەم سوڕە بەو جۆرە بەردەوام دەبێت، تا بارودۆخەکە ناسەقامگیرتر دەبێت. بۆیە لە ئاوا بارودۆخێکدا ناتوانی نیەتی کاراکتەری بەرامبەر بخوێنیتەوە. بۆیە دەبێت خۆت بۆ بەکار هێنانی هەرجۆرە ئامرازێک ئامادە بکەیت.

لەسەر بنەمای ئەم تیۆریە دوو جۆر کێشە بونی هەیە، یەکەم تێگەشتن ( ئیدراک)، دووەم بەڵگە (اسناد)، واتە سەرەڕای کێشەی تێگەشتن کە دەبێتە هۆکاری بڕیاردان جا چ دروست یان نادروست لە هزری بڕیاردەرانی لایەنی بەرامبەر، لەڕوانگەی دەروونناسی دروست بونی هۆکار و کاریگەری دیاردەکە، لە بارودۆخەکەدا لێک نزیک دەبنەو و وەک یەک وان.

کێشەی دووەم کە بەڵگەیە، واتە تێڕوانین و نیشاندانی ڕەفتاری ئەوان دەبەسترێتەوە بەخو و نیەت و کەسایەتیانەوە، بۆ نمونە سیاسەتمەدارانی ئەمەریکا لە سەروبەندی جەنگی ساردا، جێگیرکردنی سوپای سوریان لە ئەوروپای رۆژهەڵات، دەبەستەوە بەخەسڵەتی هێرشکاری و کارەکتەری شەڕانگێزی سیاسەتمەدارنی سۆڤیەتەوە، واتە ئەم پرسەیان نەدەبەستەوە بە هۆکاری دروست بونی ناتۆ و بونی ئەو هێزە لە ناوچەکەدا، کە لەبەرامبەردا سۆڤیەت سوپایەکی لەدژی جێگیر کردبو. دیارە لەبارودۆخی وەک ئێستادا ئەم تێڕوانینە بۆ ئێستاش دروستە، وەک بڵێی مێژوی هزری سیاسەتمەدارەکان خۆی دوبارە دەکاتەوە. هزری "ڤلادمیر پوتن" و بێ ئۆقرەی ئەو لە بوونی هێزی ناتۆ و جێگیرکردنی پێگەی سەربازی

[2] Security Puzzle

ناتۆ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپای نزیک لەڕوسیا، ئەو بۆچونە بۆ ڕوسیا دروست دەکات کە ئامانجی ناتۆ و وڵاتانی ڕۆژئاوا ئامانجێکی هێرشکاری و دەستبردنە بۆ سیاسەتی ناوخۆی ڕوسیاو هەڵوەشاندنەوەی ئەو وڵاتە، وەک لێدانی گورزی دووەم پاش ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت. بۆیە "ڤلادمیر پوتن" لەسەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەی باسی بابەتێکی مێژویی کرد، ئاماژەی بە ووتەی یەکێک لەڕاوێژکارەکانی سەرۆک وێلسن، سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمریکا کرد لەساڵی ( ١٩١٨)، کاتێک دەڵێت:"بۆ ئەوەی لە شەڕی ئیمپراتۆری ڕوس قورتار ببین، دەبێ خاکی ئەو وڵاتە دابەش بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ لە سیبریاوە دەست پێ بکەین".

یەکێکی تر لە تیۆریەکان کە لە بواری ئاسایشە و پەیوەندیدار بە تێگەشتنە لە بابەتی ئاسایش تیۆری گریمانەی[3]، لەسەر بنەمای دەروونناسی تیۆری گریمانە پێشبینی دەکات کە تاک لە بارودۆخی سود هەوڵی مەترسیدار نادات، بەڵام لە بارودۆخی زیان هەوڵی مەترسیدار دەدات. لێرەدا سود و زیان بەگوێرەی خاڵی سەرەتای، یان سەرچاوەکەی لێک دەدرێتەوە. بە واتایەکی گۆڕان بە نیسبەت بارودۆخی ئێستا هەڵدەسەنگێنرێت، بەهای بەدەست هاتوو لە سەرئەنجامی جیاوازی خاڵی دەسپێک یان سەچاوە لەگەڵ سود یان زیانەکەیدا دەبێت. ئەگەر بمانەوێت ئەم بابەتە بەزمانی ئاسایشی نێودەوڵەتی لێک بدەینەو بەم شێوەیە کە سیاسەتمەداران بە تێگەشتنی سودو زیان خۆیان، کە لەگەڵ ئەوانی تر هەیانە بۆ پارێزگاری لەبەرژەوەندی خۆیان (سیاسی، ئابوری)، هەنگاوی مەترسیدار هەتا ڕادەی جەنگ دەنێن، لە پێناو بەرژەوەندی تازەی خۆیان. بەشێوەیەکی گشتی لە بارودۆخی سود دژی هەنگاوی مەترسیدارن، لە بارودۆخی زیانکردن لەگەڵ هەنگاو مەترسیدارن. بۆیە پاراستن و مانەوەی سیستمی سیاسی ڕوسیا بۆ ڕابەرانی ئێستای ڕوسیا بابەتێکی حەیاتیەو بە بەهای جەنگ لێک دەدرێتەوە.

[3] prospect theory

## ئۆكرانیا: ناسنامەو پێگەی جیۆسیاسی و دیمۆگرافی

ئۆكرانیا لە ڕووی جوگرافییەوە دەكەوێتەوە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاوە، دووەم گەورەترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپایە، ڕوبەرەكەی بریتییە لە (٦٠٣ هەزار و ٦٢٨) كیلۆمەتر دووجا، لەگەڵ روسیا لە ڕۆژهەڵاتەوە بە درێژایی (١٥٧٦) كیلۆمەتر هاوسنورە، لە باكورەوە لەگەڵ بیلاڕووس بە (٨٩١) كیلۆمەتر، پۆڵەندا بە (٤٢٨) كیلۆمەتر، سلۆڤاكیا بە (٩٠) كیلۆمەتر و هەنگاریا لە ڕۆژئاواوە بە (١٠٣) كیلۆمەتر، ڕۆمانیا بە (١٦٩) كیلۆمەتر و مۆلدۆڤا بە (٩٣٩) كیلۆمەتر لە باشووری ڕۆژئاوا، هاوسنوورە. جگە لەوەی لە باشورەوە بەسەر دەریای ڕەش و دەریای ئازوف دا دەڕوانێت .

بەپێی ئامارەكان ژمارەی دانیشتوانی وڵاتی ئوكرانیا زیاتر (٤٤) ملیۆن كەسە كە دەكاتە (٠.٦٢%) دانیشتوانی جیهان. تەمەنی مام ناوەندی دانیشتوانی وڵاتەكە (٣٩.٨) ساڵە (٦٩%) دانیشتوانی وڵات لە شارەكان دەژین.

گرنگترین سەرچاوە سرووشتییەكانی وڵاتەكە بریتین لە (نەوت، گازی سروشتی، ئاسنی خاو، مەنگەنیس، خەڵووز، خوێ، گۆگرد، گرافایت، تیتانیۆم، مەگنیسیۆم، نیكل و جیوە و چەندان كانزای بەنرخی تر)

سروشتی پێگەی جیۆسیاسی ئۆكرانیا بەجۆرێكە كە ئەو وڵاتە كەوتوەتە نێوانی دووكوتلەی جیۆستراتیجی ئۆقیانوسی خۆرئاواو ئۆراسیاوە. ئەمەش وایكردووە پاش ڕوخانی یەكێتی سۆڤیەت و سەربەخۆبونی لەساڵی (١٩٩١)ەوە، ئۆكرانیا دوچاری جۆرێك لە دابەشبونی دیمۆگرافی و سیاسی وكلتوری و ئیتنی و مەزهەبی و كۆمەڵایەتی وئابوری ببێتەوە. لێكەوتەكان بەجۆرێكن كەروسیا توانیویەتی كاریگەری و هەژمونی هەبێت بەسەر كەرتی ڕۆژهەڵات و باشوری ئۆكرانیادا، هەرێمی(قرم – كریما) لەبەشی باشور بەتایبەتی، لەبەرابەردا ئەورویا و ئەمریكاش كاریگەریان لەسەر كەرتی خۆرئاوا و باكوری ئەم وڵاتە دروستكردووە.

بەشی رۆژهەڵاتی ئۆكرانیا زۆرینەیان ڕوس زمانن و بەڕوسی دەدوێن. رێژەی ڕوس زمانەكانیش دەگاتە (١٧.٣%)ی گشت دانیشتوانی ئۆكرانیا. لەڕویی مەزهەبیشەوە ئەم هاوڵاتیانە ئەرسەدۆكسین لەسەر شێوازی كەنیسەی بەروسیاوە پەیوەستن. هاوكات كاریگەرن بەبەها كۆمەڵایەتیەكانی ڕوسیا. لەڕویی كلتوریشەوە خاوەن كلتورێكی داخراون. لەروی ئابوریشەوە ئەم بەشە زیاتر پشت بەسامان وداهاتی كشتوكاڵی دەبەستن.

بەڵام بەشی خۆرئاواو باکوری ئۆکرانیا زۆرینە بەزمانی ئۆکرانی دەدوێن و ڕێژەیان دەگاتە (%٧٧.٨)ی گشت دانیشتوانی ئۆکرانیا. دانیشتوانی ئەم کەرتە زیاتر هەڵگری مەزهەبی کاسۆلیکی و ئەرسەدۆکسی و پرۆتستانتن لەگەڵ بونی کەمینەیەکی مسوڵمانیش.

لەڕویی کلتوریشەوە کەوتونەتە ژێرکاریگەری بەها کۆمەڵایەتیەکانی وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکاوە. هاوکات لەڕویی ئابوریشەوە زیاتر پشت بەکەرتی کشتوکاڵ بە پلەی یەکەم و دواتر پیشەسازی و بازرگانی دەبەستن. لەڕوی سیاسیشەوە زۆرتر ئەو هێزانەی لەم بەشەدا بڵاوبونەتەوە کە پێشتر بەهێزی ئۆپۆزسیۆن ناسران و مەیلدارن بۆ نزیکبونەوە لەسیاسەتەکانی وڵاتانی خۆرئاوا و ئەوروپاو ئەمریکا.

ئەم کۆمارە لە ساڵی (١٩٢٢)ەوە تا کەوتنی یەکێتی سۆڤییەت بەشێک بووە لەو یەکێتییەو لە (١٩٩١/٨/٢٨) سەربەخۆیی ڕاگەیاندووە. شاری (کییڤ) کە گەورەترین شاری ئوکراینایە کرایە پایتەختی وڵاتەکە. لە ڕووی کارگێڕییەوە وڵاتی ئۆکرانیا، جگە لە دورگەی (قرم) کە خاوەنی خود موختارییە، دابەشکراوە بۆ (٢٤) ناوچە یان پارێزگا.

## ئۆکرانیاو توانا ئابورییەکانی

لەگەڵ ئەوەی ئۆکرانیا بەسەرەتایەکی خراپ دەستی پێکرد، لەگەڵ جیابوونەوەی لە یەکێتی سۆڤییەت خاوەنی ئابورییەکی بەهێز نەبوو، چونکە بەردەوام لەدوای ساڵی (١٩٩١)ەوە لەگەڵ ڕوسیا پەیوەندییەکانی ڕوو لە قەیران دەکات زۆرجاریش بڵاوبوونەوەی گەندەڵی گورزی گەورەی لە ئابورییەکەی داوە. بەڵام بەم دواییانە یەکێک بووە لە دەوڵەتە خاوەن ئابوریيە بەهێزەکان لە ناوچەکە، چونکە بایەخێکی گەورەی ئابوری ستراتیجی بۆ وڵاتانی ئەوروپی هەیە، ئەمەش یارمەتی دەربووە بۆ گەشەی خێرای وڵات، جگە لەوەی خاوەن سەرچاوەیەکی گەورەی سروشتییە لە بواری کانزاو کشتوکاڵ، سەرباری ئەو میراتە پیشەسازییەی لە یەکێتی سۆڤییەت بۆی بەجێمابوو.

بەپێی ئامارەکان بەرهەمهێنانی ناوخۆی وڵاتەکە لە ساڵی (٢٠٢١) گەیشتووە بە (٢٠٠) ملیار دۆلار، یەدەگی نەختینەیی (٣١.٦) ملیار دۆلار بووە، لە کاتێکدا بەهای هەناردەکردنی بەرهەمەکانی خۆی داوە لە (٦٨.٢٤) ملیار دۆلار، بەم پێیەش تێکڕای گەشەی ئابوری لە وڵاتەکەدا برتیبووە لە (%٣.٤) بەپێی خەملاندنە نێودەوڵەتییەکان.

کەرتی کشتوکاڵی ئۆکرانیا پشکی گەورەی بەخشیبووە بە گەشەسەندی ئابوری وڵاتەکە، ئەمەش بایەخێکی گەورەی بەخشیوە پێیان لەسەر ئاستی جیهان، چونکە ناردەنی بواری کشتوکاڵ (٤٥%)ی هەناردەی ئۆکرانیا پێکدەهێنێت، بەشی زۆری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گونجاوی و فراوانی و بەپیتی خاکەکەتی کە نزیەکەی (٤٠) ملیۆن هێکتار زەوی شیاوی هەیە بۆ ئەو بوارە .

ئامارەکان ئاماژە بەوە دەدەن ئۆکرانیا ساڵانە (٥٠) ملیۆن تەن بەروبوومی کشتوکاڵی بەرهەم دێنێت، لەنێویاندا بەرهەمهێنانی (٢٨) ملیۆن تەن گەنم و هەناردەکردنی زیاتر لە (١٨) ملیۆن تەنی، ئەمەش پلەی شەشەمی وڵاتانی هەناردەکەری گەنم و چوارەم هەناردەکەری گەنمەشامی و پلەی سێیەم لە بڕی بەرهەمهێنان، پلەی دووەم لە بەرهەمهێنانی جۆ و پلەی چوارەم لە هەنارەکەری لەسەر ئاستی جیهان پێ بەخشیوە . سەرەڕای گرتنی پلەی یەکەمی سەرئاستی جیهان لە هەنارەکردنی زەیتی گوڵەبەڕۆژەو پلەی سێیەم لە بەرهەمهێنان و هەنارەدەکردنی هەنگوین کە ساڵانە بەنزیکەی (٨١) هەزار تەن دەخەملێنرێت. هەروەها هەناردەکردنی میوەی وڵاتەکە ساڵانە دەگات بە (٥٥) هەزار تەن لە میوەی جۆراوجۆر، جگە لە هەنارەکردنی (٤٥٠) هەزار تەن لە گۆشتی سور و (٤٣١) هەزار تەن لە گۆشتی سپی.

لە بواری کانزاشدا پشکێکی گەورەی هەیە لە بەرهەمهێنانی ئاسنی خاو کە ساڵانە (٦٠) ملیۆن تەنە و بەم پێیەش پلەی شەشەم دەگرێت لەبەهەمهێنانی ئاسن لەسەر ئاستی دنیا و پلەی دووەم لە خاوەنداریێتی یەدەگی جیوە لەسەر ئاستی ئەوروپا. پلەی یەکەم لە کبریت و پلەی دەیەم لەسەر ئاستی جیهان لە یەدەگی خاوی تیتانیۆم.
لە بواری پیشەسازیدا ئۆکرانیا پلەی چوارەمی هەیە لە هەناردەکردنی ماتۆڕ (تۆڕباین) بۆ ویستگەی وزی ئەتۆمی و پەلەی دوانزەیەمیشی هەیە لە هەنادەکردنی چەک کە بە ملیارێک دۆلار دەخەملێنرێت، کە نزیکەی (٧٠٠) هەزار کەس کاری لە کارگەکانی چەک کاردەکەن.

## ئۆکرانیا: سەرەتای قۆناغێکی نوێ

لەگەڵ دەستپێکی ساڵی (٢٠١٤) هاوڵاتیانی ئۆکرانیا ڕژانە سەرشەقامەکان، دژ بەسیاسەتەکانی حکومەتەکەی (ڤیکتۆر یانۆکۆڤیچ)، داوای سەرەکی نارەزایەتیەکانی شەقام بۆ دەست لەکارکێشانەوەی ناوبراو بوو. دەستپێکی بارگرژیەکانی ئۆکرانیا دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی ڕەتکردنەوەی ڕێکەوتن نامەیەکی بازرگانی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، لەلایەن "یانکۆڤیچەوە" مەبەرواری (٢٠١٣/١١/٢١)، ئەم هەڵوێستەی یانکۆڤیچ لێکدرایەوە بەخواستی ڕەتکردنەوەی پرسی بەئەندام بونی ئۆکرانیا لە (یەکێتی ئەوروپا). لەبەرامبەردا

خواستی حکومەتی ئۆکرانیایان بۆ زیاتر نزیک بونەوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەڕوسیا بەدیکرد. لەپاڵ ئەم هۆکارە و چەند هۆکارێکی ناوخۆی دیکەدا شەقامی ئۆکرانیا جوڵا و خۆپیشاندان ونارەزایەتی جەماوەری دەستپێکرد.

سات بەسات روبەری خۆپیشاندانەکان بەرفراوانتر دەبوو، تێکهەڵپژانی زیاتر روویدەدا، ژمارەی قوربانیەکان بەرزدەبویەوە، هەموو ئەمانە رێگەی خۆشکرد بۆ (یانۆکۆڤیچ) سازش بکات، بەرامبەر داواکاریەکانی ڕای گشتی و ئۆپۆزسیۆنی وڵاتەکەی، وەک بڕیاردان لەبارەی (ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت و پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی و گێرانەوەی دەستوری پێشوتری ئۆکرانیا و کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار ... هتد)، بەڵام گشت ئەم هەنگاوانەی سەرۆک دادی نارەزایەتی خۆپیشاندەرانی نەداو هاوڵاتیان سوربون لەسەر داواکاریەکانیان. ئەوەی لەم نێوەندەدا هاوکێشەکەی بەسودی هاونیشتیمانیانی ئۆکرانیا یەکلاکردەوە، رۆڵی سوپاو هێزە ناوخۆیەکان بوو، کە بێلایەنی خۆیان لەکێشەکانی وڵات راگەیاند و نەچونە بەرەی حکومەتەکەی یانکۆڤیچەوە.

خۆپیشاندانەکان بەردەوام بون، سەرئەنجام کار گەیشتە ئەوەی کەلە (٢٠١٤/٢/٢٢)دا سەرۆک کۆمار لەژێر فشاری شەقامدا ناچاربوو کۆشکی کۆماری وڵات جێبهێڵێت و بەرەو ڕوسیا هەڵبێت. لەگەڵ هەڵهاتنی سەرۆکیشدا راستەوخۆ پەرلەمانی ئۆکرانیا، کۆی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی گواستەوە بۆ سەرۆکی پەرلەمان، دواتر ڕاگەیەندرا؛ کە چیتر "یانۆکۆڤیچ" شەرعیەتی سەرۆکایەتی نەماوەو بەفەرمی لەپۆستەکەی دورخراوەتەوە.

ئەوەی لەم نێوەندەدا دۆخی ئۆکرانیای لەکێشەیەکی ناوخۆییەوە گواستەوە بۆ ئاستی قەیرانێکی نێودەوڵەتی بریتی بوو لە دەست تێوەردانەکانی روسیا، بۆ نێو ململانێکانی ناوخۆی ئۆکرانیا لەژێر ناوی پاراستنی بەرژەوەندی هاوڵاتیانی بەرەگەز روسی دانیشتوی ئەو وڵاتە. لەبەرامبەریشدا هاتنە سەرخەتی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و سەپاندنی چەند سزایەک بەسەر روسیادا، وەک فشارێک بۆ کشانەوەی هێزەکانی لەسەر سنور و خاکی ئۆکرانیادا.

ئیدی لە دوای روداوەکانی ساڵی ٢٠١٤ لە کیێڤ، گرژیی سیاسی لە پەیوەندیەکانی ئۆکرانیا و روسیادا دروست بووە، لەوکاتەوە هەرێمی دۆنباس لە ڕۆژهەڵاتی "ئۆکرانیا" تووشی قەیرانێکی سیاسی و سەربازی بووە و ئەم رووداوانەش گرژییەکی زۆری لە کریمیا روسیا لێکەوتەوە. لە کاتێکدا گرژی لەسەر سنووری ڕۆژهەڵاتی "ئۆکرانیا" بەرزبووەوە لە دەرئەنجامی نمایشی هێزی سەربازی روسیادا لە ناوچەکە، ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا ئاماژە دەدەن بەوەی کە ئەم هەوڵ و ئامادەکارییەی "مۆسکۆ" بە مەبەستی

داگیرکردنی خاکی "ئۆکرانیا" لێکدراوەتەوە. لەم بارەیەوە لە کۆبوونەوەی نێوان "جۆ بایدن" سەرۆکی ئەمەریکا و "ڤلادیمێر پۆتین" سەرۆکی روسیا لە ٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ بایدن هەڕەشەی کردەوەی توندی ئابووری و سیاسی لە دژی روسیا کردووە ئەگەر لە دژی دراوسێ ڕۆژئاواییەکەی ڕێوشوێنی سەربازی بگرێتەبەر و پشتیوانی وڵاتەکەی بۆ سەروەریی ئۆکرانیا و تەواوکاری خاکی دووپات کردەوە و داوای گەڕانەوەی کرد بۆئامرازی سیاسی و دیپلۆماسی کردووە بە مەبەستی یەکلایکردنەوەی ناکۆکی و کێشەکان.

## دۆخی نێوان ئۆکرانیاو روسیا بۆ گەیشت بە ئێستا؟

لەدوای ڕوداوەکانی ساڵی (٢٠١٤)ەوە هەڵهاتنی "ڤیکتۆر یانۆکۆڤیتچ" بۆ رووسیا و گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن پارتی مەیدان، رۆژئاوا و بەتایبەتی "ئەمەریکا" پشتگیریی ئۆکرانیای دەکرد. وەک کاردانەوەیەک مۆسکۆ دوای ئەوەی پارتی مەیدانی نزیک بە ئەورووپای یەکگرتوو و ئەمەریکا حوکمی گرتە دەست، لە دوو ناوچەی نزیک رووسیا دەستیانکرد بە خۆپیشاندان، ئەوانیش؛ لە ناوچەی دۆنباس کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا لەسەر سنووری روسیا لە دۆنباس و لە نیمچە دوورگەی کرێمیا (قەرم). لە ساڵی ٢٠١٤ لایەنگرانی "رووسیا" دەستیان بەسەر پەرلەمانی کرێمیادا گرت و ریفراندۆمێک رێکخرا، لە کرێمیا ٩٥٪ داوایانکرد بە روسیاوە ببەسترێنەوە و بوو بە کۆمارێکی سەربەخۆ لەناو فیدراسیۆنی رووسی.

رووسیا دەستی بەسەر هەموو دامودەزگاکان و چەک و سووپای ئۆکرانیادا گرت کە لە کرێمیا بوو، بەتایبەتی لە پاپۆڕەکانی دەریایی ئۆکرانی. "رووسیا" تا زیاتر قورگی ئۆکرانیا بگرێت و بیخنکێنێ لەگەڵ "تورکیا" رێککەوت تا بۆڕی گاز بە تورکیادا بیات بەرەو ئەورووپا کە پێشتر تاکە رێگەی گازی "رووسی" بۆ ئەوروپا بە ئۆکرانیادا دەڕۆیشت. ئۆکرانیا و زۆربەی وڵاتان لە ئەوروپای یەکگرتوو و ئەمەریکا ئەم دەنگدانەیان رەتکردەوە و بە ساختەیان لە قەلەمدا و وتیان دەستی روسیای تیادا بووە. تاکو ئێستا وڵاتان و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کرێمیا هەر بە بەشێک لە ئۆکرانیا دەزانن و ستاتووەکەی نەگۆڕاوە. لەو کاتەوە چەندین جار لایەنە ناکۆکەکان کۆبوونەتەوە بە ناوبژیوانی وڵاتانی ئەورووپا بەتایبەتی هەوڵەکانی (فەرەنسا و ئەلمانیا) لەلایەن و هەوڵە نێودەوڵەتییەکان لە رێگەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان لەلایەکی ترەوە، بۆ کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکان وگەڕانەوەی سەقامگیری بێ ئاکام مانەوە، بەم جۆرە ناکۆکییەکان تا ئێستا هەر بەردەوامیان هەیە هەردوو لا یەکتری تۆمەتبار دەکەن.




يعتمد موقع خط التماس على التقارير حتى 24 يناير 2022.

المصدر: معهد دراسة الحرب، مجلس العلاقات الخارجية، Maps4News، خرائط Google
الجرافيك: هنريك بيترسون ، CNN

## خواستی ڕوسیا بەرامبەر ئۆکرانیا

بەپێی تێگەیشتنەکانی روسیا قەیرانی ئۆکرانیادا لەو نیگەرانییەوە سەرچاوەی دەگرت کە ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا مەبەستییانە ئەو بۆشاییەی نێوان (مۆسکۆ و کێیڤ) بقۆزنەوە وەک کارتێک لەبەرامبەر سیاسەتەکانی روسیا بەکارنێێن، لەبەرامبەر ئەمەشدا مۆسکۆ ئەمە بە مەترسییەکی گەورە دەبینێت لە ڕوانگەی گەمارۆدانییەوە لە ڕووی سیاسی، سەربازی و ئابووری، لەبەرئەوەی کریملین پێی وایە فراوانبوونی ناتۆ بەرەو ڕۆژهەڵات مەترسییەکی ئەمنی هەیە بۆ سەر روسیا، تێڕوانینی روسیا بۆ ئۆکرانیا وەک درێژکراوەیەکی مێژوویی و کولتووریش بەستراوەتەوە. بۆ ئەمەش هەموو هەوڵەکانی خستووەتە گەڕ تا هەڵگیرسانی ئەو جەنگەی ئێستا دەیبینین، ئەویش لە پێناو؛

١. وەرگرتنی گەرەنتی لە ڕۆژئاوا کە ئۆکرانیا ناچێتە پاڵ ناتۆ
٢. ڕاگرتنی هەڕەشە و جموجۆڵە سەربازییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا.

## ململانێی ڕوسیا و ئەمریکا و وڵاتانی ناتۆ لەقەیرانی ئۆکرانیادا

قەیرانی ئۆکرانیا بەشێکی دانەبڕاوە لەململانێ هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان، بەتایبەت لەنێوان روسیا و ڕۆژئاوادا، بەسەرکردایەتی ئەمریکا.

بۆیە دەکرێت بڵێین کە پێگەی ئۆکرانیا گرنگیەکی زۆری بۆ روسیا هەیە بەو پێیەی؛

١. لەڕوی مێژوویی و سیاسی یەوە ئۆکرانیا بۆماوەیەکی زۆر بەشێک بوە لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران (١٩١٩-١٩٩١). دواتریش هاوپەیمانێکی سیاسی گرنگ و پارێزەری بەرژەوەندی و ئامانجەکانی ڕوسیا بوە لەناوچەکەدا.
٢. لەڕوی جیۆپۆڵەتیکەوە ئۆکرانیا بۆ روسیا گرنگی خۆی هەیە، بەوپێیەی کە ئۆکرانیا دەرگایەکی کراوە و سنوردابڕە بۆ ڕوسیا لەبەرامبەری ڕۆژئاوادا.
٣. لەڕوی ئابورییەوە ئۆکرانیا بۆ ڕوسیا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەو پێیەی کە ئۆکرانیا دەرگای کراوەی ڕوسیایە بۆهەناردەکردنی گاز و نەوت بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیای ناوەڕاست.
٤. لەڕوی سەربازیەوە ئۆکرانیا بۆ ڕوسیا گرنگی زۆری هەیە، بەوپێیەی ئۆکرانیا بوەتە بەشێک لەپشتێنەی ئەمنی بۆ ڕوسیا، لەبەر بونی بنکەی سەربازی و کەشتیگەلی ڕوسیا لە دەریای رەش و دورگەی سیفاستۆبڵدا.

دەكرێت بڵێین بەهەمان شێوە پێگەو دۆخی قەیرانی ئۆكرانیاش بۆ ئەمریكاو وڵاتانی ناتۆ لەئێستادا گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە، لەبەر چەند هۆكارێک لەدیارترینیان:

١. لەروی جیۆپۆڵەتیكەوە، ئۆكرانیا پێگەیەكی ستراتیژی گرنگی بۆ ئەمریكاو وڵاتانی ناتۆ هەیە، چونكە ئۆكرانیا دەكەوێتە سەر سنوری دەریای رەش و نزیكە لەنێوەندی ئاسیای ناوەراستەوە، كەهەردەم ئەمریكا لەم ناوچەیەدا دەیەوێت پارێزگاری لەهەژمونی تاكرەوی دەسەڵاتی خۆی بكات.

٢. ئۆكرانیا وڵاتێكی دەوڵەمەندە لەروی پیشەسازی بەرهەمهێنانی بواری چەكسازیەوە، بۆیە ئەمریكاو وڵاتانی ناتۆ هەوڵ دەدەن، تاوەكو رێگربن لەبەردەم دەست راگەیشتنی روسیا بەم بوارەو سود لێوەرگرتنی تایبەتی خۆی لەو نێوەندەدا.

٣. ئۆكرانیا سنورێكی بەرفراوانی جوگرافی لەگەڵ روسیادا هەیە، بۆیە ئەمریكاو وڵاتانی ناتۆ دەیانەوێت لەلایەک رێگربن لەپەرینەوەی هێزی روسیا بۆ نێوەندی ئۆكرانیا و دواتر بۆ ناوچەكانی ئاسایی ناوەراست، لەلایەكی دیكەش دەیانەوێت گەمارۆی سەربازی ئابوری سیاسی زیاتر بخەنەسەر روسیا، لەپێناو كەمكردنەوەی هەژمونی روسی لەناوچەكەدا.

٤. له ئێستادا ئەمریكاو هاوپەیمانی دەیەوێت سود لەقەیرانی ئۆكرانیا ببینن، لەپێناو زەبرگەیاندن بەبەرژەوەندی تایبەتی روسیا، ئەم جەنگە بە قازانجی خۆیان شەكەت كردنی ڕوسیا بەلادا بخەن.

٥. ئەمریكا دەیەوێت قەیرانی ئۆكرانیا بقۆزێتەوە، بۆ دروستكردنی بەرەیەكی هاوپەیمان لەیەكێتی ئەوروپا، لەبەرامبەر بەرەی دژایەتیكردنی روسیادا.

## لێكەوتە ئابورییەكانی جەنگی روسیا و ئۆكرانیا لەسەر ئاستی جیهان

### یەكەم: لەڕوی ئابورییەوە

دەتوانرێت بوترێت زۆرترین كاریگەرییەكانی جەنگ، لەسەر ئابوری جیهان جێهێشتووە بەپێی داتاكان " Food Price Index"ڕیبەری نرخی خۆراک كە مانگانە نرخەكان تۆمار دەكات، لە جیهان لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا گەیشتووە (140.7) بەبەراورد بە مانگی كانونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢ بە ڕێژەی (٣.٩%) بەرزبۆتەوە بە ڕێژەی (٢٠.٧%) بەراورد بەساڵی ٢٠٢١ بەزبوونەوە ڕویداوە،

بە پێی ئامارەكانی ڕێكخراو (FAO) نرخی ڕۆنی ڕوەكی لە سەرەوەی ڕێبەرەكەیە بۆ بەرزبونەوەی نرخەكان كە بەڕێژەی (٨.٥%) بەرزبۆتەوە. بەردەوامی بەرزبونەوەی ئەم نرخانەش ئەگەڕێتەوە بۆ خواستی

بەکاربەران. و کەمبونەوەی (Palm Oil) لە وڵاتی ئەندەنوسیا کە گەورەترین   هەناردەکاری ڕۆنەی سۆیایە، هەروەها  بەرهەمی ( سۆیا) لە ووڵاتانی  ئەمریکای لاتین کەمبۆتەوە. تێبینی ئەوەش دەکرێت کە کێشەی هاتوچۆی پاپۆڕەکان لە ناوچەی دەریای ڕەش زەحمەتبوون ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوەی  هەناردەی خۆراک کێشەی بۆ دروستبیێت.

بە پێی داتاکانی ڕێکخراوی (FAO) نرخی بەرهەمە شێرەمەنیەکان لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا بە ڕێژەی (٦.٤%) بەرزبۆتەوە بە بەراورد بە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵدا، ئەمەش بەهۆی کەمی بەرهەمی شیر لە ئەوروپاداو باشووری دەریای پاسافیک کە ئوسترالیاو نیوزلەندا ئەگرێتەوە. سەرباری بەرزبونەوەی بەردەوامی خواست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و  باکوری ئاسیا.

هاوکات نرخی  گەنمەشامی بە ڕیژەی (٥.١%) بەرزبۆتەوە بە هۆی کەمبوونەوەی لە هەناردەکردن لە ئۆکرانیاوە.

لەگەڵ ئەوانەش نرخی گەنم کە خۆراکێکی سەرەکییە لە جیهاندا بە ڕێژەی (٢.١%) بەرزبۆتەوە  بە هۆی کێشەی هەناردەکردن لە ناوچەکانی دەریای ڕەشدا.

بەرزبوونەوەی نرخی برنج لە جیهاندا بە ڕێژەی (١.١%) بە هۆی ئەوەی خواست   لەسەر برنج لەلایەن کڕیارەکانی ئاسیای نزیک و بە هێزبوونی دراوی وڵاتانی هەناردەکار بەرامبەر بەدۆلاری ئەمریکی.

هاوکات نرخی گۆشت وەک لە ڕیبەرەکەدا هاتووە بە ڕێژەی (١.١%) بەرزبووەتەوە لە مانگی کانونی دووەمدا  بەتایبەتی (Bovine meat) گۆشتی مانگا بەرزترین نرخی تۆمارکردوە بە هۆی خواستی بەردەوام لەسەری   و کەمبوونەوەی خستنەڕوە هەروەها بەرهەمی گۆشتی بەراز زیادیکردوە بەڵام گۆشتی(Ovine meat) مەڕ و پەلەوەڕ کەمیکردوە. بەپێی داتاکانی ڕێکخراوی (فاو) ڕێبەرێ شەکر بە ڕێژەی (١.٩%) نرخەکەی دابەزیوە. بەهۆی پێشبینی بەرهەمی باش لە هیندستان و تایلەندو  هەروەها باشترکردنی بەرهەمهینان لە بەرازیل. بە هۆی بەرزبونەوەی نرخ هەڵئاوسان لە نرخی خواردندا دروست بوە.

بەپێی لێدوانی ئابوریناسێکی ڕێکخراوی (فاو) ئەم بەرزبوونەوانە بۆتە هۆی ئەوەی ڕێژەی قازانج دابەزێت لە ووڵاتە بەرهەمهینەرەکاندا. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی  کە هانی جووتیارەکان نەدات بۆ وەبەرهینان و یارمەتی فراوانبوونی بەرهە بەرهەم نادات.

بۆیە چاودێرانی ئابوری پێیان وایە شەڕی ڕوسیاو یۆکرانیا ناتوانرێت پشتگوێبخرێت. چونکە ئۆکرانیا یەکێکە لە بەرهەمهینەرە گەورەکانی ڕۆنی گڵۆبەڕۆژەو گەنم، ئۆکرانیا لەگەڵ وڵاتی بیلاروسیا سێیەکی گەنمی

جیهان بەرهەمدەهێنن، شەڕەکە بۆتە هۆی ناسەقامگیری بۆ بازاڕی  خۆراکی جیهان  و کەرتی وزەو هەتا کەرتی گواستنەوەش گرفتی بۆ دروستبووە، ئەمەش کاریگەری هەیە  لەسەر تەواوی پانتایی جیهان .
بەڵام بەرزترین هەڵئاوسان لە کەرتی ووزەدا تۆمارکراوە. بۆیە گرنگی تێگەیشتن لە شەڕی روسیاو ئۆکرانیا لە کاریگەرییەکانی لەسەر کەرتی ووزەی روسیاو ئۆکرانیا. بۆیە بازرگانەکان تەنانەت پێش ئەوەی یەکەم فیشەک بتەقێنرێت کاردانەوەی خۆیان هەبوو لەسەر شتومەکەکان، کە ڕۆڵی ئەو دوو وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا چۆن دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوروپای ڕۆژئاوا.
 لە بارەی  پەینی کیمیاویەوە روسیاو بەلەڕوسیا بەیەکەوە لە (٤٠%) بەرهەمی هەناردەی جیهان پێکدەهێنن. لە دەستدانی ئەم  بڕەی هەناردەی پەینی کیمیاوی کاریگەری هەیە لە بەرازیلەوە بۆ ئەمریکا و کێشەی گەورەی  خستنەڕووی دروستکردووە .

ئەگەر باسی (تۆو) بکەین ئەو  شەڕە دووجار کاریگەری ئەبێت لەسەر خستنەڕوو. چونکە ناوچەکە ئێستا یەکێکە لە گەورەترین وڵاتانی هەناردەکاری تۆو و بەتایبەت تۆویی بەرهەمە ڕۆنیەکان. ئەگەر بەهۆی شەڕەکەوە نەچێنرێت، ئەوا جارێکی تر کاریگەری لەسەر خستنەڕوو دەبێت. ئێستا بەندەرە سەرەکیەکانی ئەو سنورە داخراون و کێشەی گواستنەوە دروستبوە. تەنانەت ئەگەر تۆوەکانیش دەستبکەون هەر کێشەی گواستنەوە دروستبوە.

بۆیە ئەگەر  کێشە دروستبێت بۆ کشتوکاڵی وەرزی بەهارو بەرهەمی  گەنم کە زستان چێندراوە بۆ هەڵگرتنەوەی بەرهەمەکان و جوتیارەکان بکرێن بەسەرباز ئەوا کێشەکە زیاترو گەورەتر ئەبێت.

## دووەم: لەڕوی سیاسییەوە

ڕوسیا وەک هێزێکی نێودەوڵەتی پاش هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت، لەڕوی کرداری و سیاسییەوە پێگەی بەتەواوی لاواز بوو، ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمەریکا، تاوەکو سیاسەتی هەژمونی خۆی، بێ بونی حەریفێکی سیاسی- سەربازی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان پێشبەرێت. گەرچی ئەم نیقاشە لە دنیای سیاسەتی نێودەوڵەتی مێژویەکی کۆنی هەیە، پەیوەندی بەو خاڵە جیاواز و بیرکردنە جیاوازانەوە هەیە کە هەریەک لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا (ڕوسیا و ڕۆژئاوا) بۆ ڕۆڵ و پێگەو سیاسەتی نێودەوڵەتی هەیانە. دیارە دوبارە بونەوەی هێزێکی وەک یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەم ناوچەیەدا دەتوانێت گرفت وتەگەرە بۆسەر سیاسەتی ئەوروپاو ئەمریکا دروست بکات. ئەم گرفتە ئەتوانێت زۆر ڕوی هەبێت. بۆیە پاش ڕوخانی سۆڤیەت بەشێکی زۆر لە وڵاتانی سۆڤیەت لە ڕوسیا جیابونەوە، بێ مەرج لە دنیادا وەک وڵاتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری ناسێندران. ئۆکرانیا یەکێک بو لەو وڵاتانە. ڕۆژئاواییەکان

بەتایبەتی لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئەوروپا دەستیانکرد بە جێگیرکردنی هێز و پێگەی سەربازی، لە کۆتایی دەیەی سەدەی بیستەم بەتایبەتی لەڕێگەی ناتۆوە، ڕوسەکان لەم بارودۆخە بێزاری خۆیان دەربڕی، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەوکاتەدا دەسەڵات و پێگەیان لاواز بوو، گوێ بە داواکاری و خواستەکانیان نەدرا. بەڵام ئێستا لەگەڵ هەڵگیرساندنی جەنگی ئەم دوایەی ئۆکرانیا، ئەگەینە ئەو باوەڕەی کە ئەم جەنگە تەنها جەنگێکی ئاسای نییە، یان نیگەرانی لە هەڵسوکەوتی سیستمێک لە ناوخۆی ولاتێک دژی خەڵک و ڕەگەز و زمان نییە، بەڵکوو ئەم جەنگە جەنگێکی لە نێوان دوو بیرکردنەوەی جیاواز، دوو ترسی جیاواز دەتوانین بڵێین جەنگی دوو فەرهەنگی جیاواز. ڕۆژئاوایەکان هەر لە سەرەتای جەنگەکەوە ئەمەیان نەشاردەوە، ڕەفتاری ڕوسیایان بە ڕەفتارێکی دوژمنکارا لێک دایەوە،  خێرا یەکێتی ولاتانی خۆیان تۆخ کردەوە، چەکی ئابوریان دژی ڕووس بەکار هێنا، ئۆکرانیایان وەک شەریکێکی نارەسمی خۆیان لەقەڵەمدا، بە مانایەکی دیکە جەنگێکی نوێنەرایەتی لە ڕێگەی ولاتێکی سەربەخۆ.

دەتونین بڵێن ڕوی سیاسی ئەم باتە قۆناغێکی نوێی سیاسەتی دنیای نێودەوڵەتیە، جەنگی دەسپێشخەریانەی ڕوسیا ئەو نیگەرانیەی ڕوسیای تۆخکردەوە وەک لە بەشی چوارچێوەی تیۆری ئەم توێژینەوە ڕونمانکردەوە. کاراکتەر و سەرکردە سیاسیەکان لە بارودۆخی زیاندا دەست بۆ هەر هەنگاوێک دەبەن وادەزانن مەترسییە بۆ سەر پێگەو و ژیانی سیاسیان. بۆیە ڕوسەکان لە دوبارە هەڵوەشاندنەوە و لاوازکردن و گورزێکی دیکەی وەک ئەوە هەرەسی سۆڤیەت تەواو نیگەران و هەراسانن، دەستبردن بۆ جەنگ لە پێناو پاراستن و بەهاو فەرهەنگ مێژوی خۆیان لێک دەدەنەوە. گەرچی ئەم هەنگاوەش بیانخاتە ناو بارودۆخێکی سیاسی- ئابوری نالەبار، وەک ئەوەی ئێستا پێشبینی دەکرێت.

## لێکەوتەکانی جەنگی روسیا و ئۆکرانیا لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان

### یەکەم: لێکەوتەکان لەسەر عێراق

بە هۆی شەڕی  ئۆکرانیا کە  یەکێکە لە بەرهەمهێنەرە گەورەکانی خۆراک و گەنم لە جیهاندا وا لە عێراق دەکات کە بودجەکەی بۆ کڕینی خۆراک و گەنم و شمەکە هاوردەکراوەکان چەند ملیار دۆلارێک زیادبکات. هەرچەندە لە ئێستادا  کاریگەری ئەوتۆ بەدیارنەکەوتووە، چونکە بەرزبونەوەی نرخی نەوت دەتوانێت قەرەبووی ئەو بڕی پارەیە بکاتەوە.

ئەوەی کێشەکە دروست دەکەت، ئەگەری دابەزینی نرخی نەوتە، لە عێراقدا کە سیستەمی (کۆبونی خۆراک) کاری پێدەکرێت، یەکێکە لە گەورەترین پرۆگرامی خواردن لە جیهاندا. تەنها لە گرانی گەنم (٣ ملیار دۆلار) خەرجی زیاد ئەکات لە بودجەی عێراق ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئاسایشی خۆراک لە چ ئاستێکی ناسکدایە.

نرخی خۆراک لە مانگی مایسی ساڵی ٢٠٢٠ وە لە بەرزبونەوەدایە. عێراق لە مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵدا (١٥٠ هەزار) تەن گەنمی هاوردەکردوە لە ئوسترالیاوە کە نرخی تەنێک (٤٥٠) دۆلاری پێداوە بۆ ئەم هاوردەیە بڕێ (٧٠ دۆلار)ی زیاتر داوە بەوەی کە لە گەنمی جووتیارانی ناوخۆ ئەکڕیتەوە. عێراق دەبێت بۆ ئەمساڵ نزیکەی (٢ ملیۆن) تۆن گەنم هاوردە بکات.

سەرباری ئەوەی گەنمی ئوستراليا خواست لەسەری زیادی کردووە بەهۆی شەڕی روسیاو ئۆکرانیاوە، عیراق زۆر چاوی لەسەر هاوردەکردنی گەنمە بەتایبەتی کە وا چاوەڕوان دەکرێت بەرهەمی ئەمساڵ خراپ بێت بەهۆی ووشکە ساڵیەوە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی جەنگ کاریگەری ئەرێنی و کاریگەری نەرێنی ناڕاستەوخۆ لەسەر عێراق جێدەهێڵێت.

هەرچی پەیوەندی بە لاینە ئەرێنییەکانی جەنگەوەیە بۆ عێراق خۆی لە زیادکردن داهاتی گشتی عێراقدا دەبینێتەوە، چونکە عێراق هەناردەکارێکی گەورەی نەوتە، ئەوەش ڕوونە کە هەڵگیرسانی جەنگی نێوان ڕوسیاو ئۆکرانیا هۆکاری بەزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان، کە بووە هۆی کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر داهات و دۆخی دارایی عێراق. هەندێک لە شارەزایان ئاماژە بە بەرزبوونەوەی گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی (GDP) عێراقیش دەدەن بەهۆی دروستبوونی جەنگەکەوە.

بەڵام ئاسەوارە نەرێنییەکانی جەنگ زۆرترە بە تایبەت لە رووی هەڵاوسانی نرخی گشتی شمەک و کاڵای هاوردەکراو. سەرەڕای داکشان لە کەرتەکانی وەبەرهێنان و بردنە دەرەوەی دراوە قورسەکان بۆ کڕینی شمەکی هاوردەکراو.

## دووەم: لێکەوتەکان لەسەر هەرێمی کوردستان

لەگەڵ ئەوەی ئەم شەڕەی ئێستای نێوان ڕوسیاو ئۆکرانیا لە خزمەتی گشتی جیهانیدا نییەو کاریگەری گەورەی سیاسی و سەربازی لەسەر ئاستی جیهانی جێدەهێڵێت، هاوکات کاریگەرییە ئابوورییەکانی

بەخێرایی تر بەدیار دەکەوێت، هەرێمی کوردستانیش بەلانی کەمەوە ئەگەر بێ پریشکی ئەو ئاگرە نابێت و بەتایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە، چونکە هەرێمی کوردستان ڕاستەخۆ پەیوەندی بازرگانی ئابووری لەگەڵ هەردوو وڵاتدا هەیە، بۆیە ئەوەی بۆ عێراق هەیە دەکرێت بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕاست بێت.

بۆنمونە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئۆکرانیا، بەپێی زانیارییەکانی ژوری بازگانی سلێمانی، هەناردەی کۆمەڵێک شمەک پێداویستی لە وڵاتی ئۆکرانیاوە دەکات، وەک ؛(خواردن، شەربەت، شیرەمەنی، پسکی، ئەندۆمی، پاکەرەوەخەلۆز، زەیتی گوڵەبەڕۆژە، گەنم، ڕەشەوڵاخ...)

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێم و ڕوسیا، لەڕووی پەیوەندی دیبلۆماسییەوە ڕوسیا لە ساڵی ٢٠٠٧وە کونسوڵگەری خۆی لە هەولێر کردوەتەوە، بەرژەوەندی ئابوری گەورەشی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ڕیژەی ٦٠%ی پشکی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان خاوەندارێتییەکەی بۆ کۆمپانیای (ڕوسنەفت) دەگەڕێتەوە. هاوکات کۆمپانیای (گاز پرۆم)ی ڕوسیا لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە لە دوو کێڵگەی نەوتی سنوری.

بۆیە بە زیادکردنی سزاکانی سەر ڕوسیا لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ سەر تەواوی کەرتی وزەی ڕوسی ئەگەری کشانەوەی کۆمپانیا ڕوسییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش چاوەڕوانکراو دەبێت، ئەمەش زیان بە کەرتی وزەو نەوتی عێراق و هەرێم دەگەیەنێت.



## سیناریۆکانی جەنگی روسیاو ئۆکرانیا

### ١. بەردەوامی جەنگ

یەکێک لەسیناریۆ پێشبینیکراوەکان، ئەوەیە کەئەم جەنگ و ململانێیە کاتەکەی زیاتر بخایەنێت و ببێتە جەنگێکی ماوەدرێژ، وەک ئەوەی ئێستا دەبیندرێت، کەماوەی کەجەنگەکە نزیک بوەتەوە لە دو مانگ. بەشێکی ئەم سیناریۆیە پەیوەندیدارە بەرادەی سەرنەکەوتنی روسیا بەرامبەر ئۆکرانیا، لەچۆنیەتی کۆنترۆڵکردنی شارە گەورەکانی ئەو وڵاتە. چونکە لەوانەیە روسیا نەتوانێت بەئاسانی هێزی سەربازیی پێویست جێگیربکات، بەتایبەت لەو ناوچانەی کەدەستیان بەسەردا دەگرێت. لەبەرامبەر ئەمەشدا ئۆکرانییەکان رۆژ بەرۆژ ئیرادەو توانای سەربازیان زیاد دەکات و شەڕی کۆڵان بەکۆڵان بەرامبەر پەلامارەکانی ڕوسیا زیاتر دەکەن و هاوڵاتیانی ئۆکرانیش پشتیوانیان بۆ وڵاتەکەیان زیاتر دەبێت و زیاتریش روبەروی هێرشەکانی روسیا دەبنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە پێشبینی ئەوە دەکرێت، هێزەکانی رۆژئاوا رۆژانە ئاستی پشتیوانی سەربازییەکانیان بۆ ئۆکرانیا زیاتر بکەن. ئەمەش هێزی بەرگری ئۆکرانیا بەرامبەر روسیا بەهێزتر دەکات. هەمو ئەمانەش وادەکەن کەپێشبینی بۆ دوبارەوەی جەنگی روسیا لەچیچان، لەساڵی نەوەدەکاندا بکرێت. ئەوەبو کەجەنگێکی ماوەدرێژ لەنێوان روسیاو چیچانییەکان بەردەوام بو، ئاکامەکەشی خۆیی بینییەوە لەوێرانکردنی گرۆزنی پایتەختی چیچان. بەدرێژبونەوەی زیاتری ماوەی جەنگەکە، ئەگەری ئەوە هەیە کەسەرکردایەتی سیاسی روسیا، سیاسەتی خۆی بگۆرێت و هێزەکانی بکشێنێتەوە، هاوشێوەی کشانەوەی هێزەکانی لەئەفغانستان، دوای بیست ساڵ لەجەنگ دژی ئەفغانییەکان لەساڵی ١٩٨٩دا. بۆیە واقیعی جەنگەکە لەئێستادا ئەوەمان پیدەڵێت، ئەم سیناریۆیە بەهێزترین سیناریۆی چاوەروانکراوەو جەنگ بەردەوام دەبێت، تائەوکاتەی هەردولا بەتەواویبەمەرجەکانی یەکتر قایلدەبن و لەسەر مێزی دانوستان بۆ راوەستانی جەنگ و راگەیاندنی ئاشتی کۆدەبنەوە.

### ٢. ڕاوەستانی جەنگ بە ڕێگەی گفتوگۆ (دبلۆماسی)

سەرەرای هەمو ئەو سیناریۆیانەی پێشتر باسکران، هاوکات ئەگەری راوەستانی جەنگ و دەستپێکردنی دانوستان لەنێوان روسیاو ئۆکرانیادا ئەگەرێکی بەهێزە. واتە ململانێ و جەنگ و کارەساتەکان، لەنێوان هەردو وڵاتدا چەندێک بخایەنن، سەرئەنجام دەبێت هەردولا لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن و بگەنە خاڵی لێک تێگەیشت بۆ راگەیاندنی ئاگربەست و راوەستانی جەنگ لەنێوانیاندا.

ئەم سیناریۆیە یەکێکە لەسیناریۆ بەهێزو چاوەروانکراوەکان، ئەوەش بەهۆی ئەو هەمو لێکەوتەو زیانە سیاسی و ئابوری و سەربازییەی لەمیانەی مەیدانەکانی جەنگدا بەرهەردولا کەتوەو جەنگەکەش بۆ روسیا تائێستا بەئامانج نەگەیشتوە.

وەک ئاشکرایە، بەردەوامبونی جەنگەکە، تەنها زیانی بۆ ئۆکرانیا نابێت و زیانێکی زۆری گیان و سەربازی و سیاسی و ئابوری بەروسیاش دەگەیەنێت، لەلایەکی دیکەوە بەردەوامبونی ئەم جەنگە هەرەشەی جدی بۆ سەر دەسەڵاتی پوتن دروست دەکات. هاوکات لەگەڵ بەردەوامبونی ئەم جەنگەدا بەرژەوەندی وڵاتانی دیکەش دەکەوێتە بەرمەترسی. بەنمونە لەونێوانەدا دور نییە چەند وڵاتێک نێوەندگیری بکەن لەپێناو راگرتنی جەنگ و گێرانەوەی سەقامگیری بۆ سیاسەت و ئابوری جیهانی. کەلەئێستادا وردە وردە ئاماژە مەترسیدارەکانی ئەم جەنگە بۆ سەر ئابوری و سیاسەتی نێودەوڵەتی دروست بوە. لەلایەکی دیکەوە بەردەوامی ئەم جەنگە، جگە لەزیانی گیانی، وێرانکارییەکی لەرادەبەدەر بۆ ئۆکرانیا بەجێدەهێڵێت. بۆیە بەرپرسانی سیاسی ئۆکرانیا لەئێستادا بەتەواوی گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی، کەپێوسیتە تەنازولی سیاسی بکەن بۆ روسیا، ئەوەش بۆ رێگری لەبەردەوامبونی ئەو زیان و وێرانکارییەی لەماوەی دو هەفتەی جەنگەکەدا بەر وڵاتەکەیان کەوتوە. وەک ئەوەی زلینسکی سەرۆکی ئۆکرانیا، بەرەسمی داوای دانیشتن و گفتوگۆی لەپوتن کرد.

رادەی رودان و بەدیهاتنی ئەم سیناریۆیە وابەستەیە بەکۆمەڵێک هۆکارەوە، بەنمونە پێویستە حکومەتی ئۆکرانیا بەمەرجەکانی روسیا قایل بێت و دان بەهەرێمی دۆنباس و دورگەی قرمدا بنێت لەبەرژەوەندی روسیادا، لەبەرامبەردا پێویستە روسیا هێرشەکانی بۆسەر ئۆکرانیا رابگرێت و دان بەسەربەخۆیی ئۆکرانیادا بنێت و رێگری لەپەیوەدنییەکانیان نەگرێت لەگەڵ ئەروپادا.

## ٣. کەوتنی ئۆکرانیاو راگەیاندنی حکومەتێکی نوێ

ئەم سیناریۆیە وابەستەیە بەزیادکردنی سنوری هێرشی زەمینی و ئاسمانی روسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، بەتایبەتی زیادکردنی هێرشە ئاسمانییەکانی روسیا، دوای زیاتر لەپەنجا رۆژ، روسیا بەتەواوەتی هێزی ئاسمانی خۆیی بەرامبەر ئۆکرانیا نەخستوەتەکار، لەم دۆخەشدا ئەگەر هەیە هێرشی هەرەمەکی و وێرانکەر بکاتە سەر تەواوی دامەزراوە فەرمییەکانی ئۆکرانیاو دەزگاکانی پەیوەندی وزە دوچاری وەستان بکاتەوەو بەهەزاران هاوڵاتی ئۆکرانیش بکوژرێن و ئاوارە بین. لەم دۆخەشدا ئەگەر هەیە فشارەکان بۆ سەر

حکومەتی ئۆکرانیا زیاتر ببێت و سەرۆکی ئۆکرانیا ناچار ببێت، قبوڵی شکست بکات و وڵات بەجێ بهێڵێت، یاخود خۆی رادەست بکات. لەم دۆخەشدا روسیا حکومەتێکی هاوپەیمانی مۆسکۆ دادەمەزرێنێت. لەم دۆخەشدا روسیا بەشێک لەهێزەکانی دەکشێنێتەوە. لێرەشەوە ئۆکرانیا هاوشێوەی بیلاروسیا دەبێتە وڵاتێکی هاوپەیمانی تەواوەتی روسیا.

ئەم سیناریۆیە موستەحیل نییە، بەڵام رودانیشی وابەستەیە بەچەند هۆکارێکەوە، لەوانە زیادکردنی ئاستی هێرشەکانی روسیا بۆسەر ئۆکرانیا، هاوشانی باشتربون دۆخی روسیا لەجەنگەکەدا، ئەوەش بەشکانی ئەو هێزو ئیرادەو توانا سەرنجراکێشە جەنگییەی کە ئۆکرانییەکان لەماوەی رابردوی جەنگەکەدا بەرامبەر روسیا پیشانیاندا. بەڵام ئەوەی لەئێستای گۆرەپانی جەنگەکەدا دەیبین، تارادەیەک چانسی ئەم سیناریۆیەی دورخستوەتەوە.

## ٤. گەورەبونی سنوری جەنگەکە بۆ ئەوروپاو هاتنە ناوەوەی ناتۆ

یەکێکی تر لەئەگەرەکان ئەوەیە کە سنوری جەنگەکە ئۆکرانیا تێپەرێنێت و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپاش بگرێتەوە. بەنمونە روسیا دوای ئۆکرانیا پەلاماری مۆڵدۆڤاو جۆرجیاش بدات، کەپێشتر ئەم دو وڵاتەش بەشێک بون لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران و ئێستاش ئەندامی ناتۆ نین. هاوکات لەبەرامبەر پشتیوانی بەردەوامی رۆژئاوا بۆ ئۆکرانیا، پوتن هێز رەوانەی وڵاتانی بەڵتیق بکات، کەئەمانە ئەندامی ناتۆن لەنمونەی لیتوانیا، ئەمەش هەنگاوێکی مەترسیدار دەبێت بۆ روسیاو ئەگەرێکی دیکە دەبێت بۆ روبەروبونەوەی روسیا لەگەڵ ناتۆ.

هەرچەندە ئەم سیناریۆیە ئەگەری رودانی زۆر بەهێز نییە، بەڵام یەکێکی لەو سیناریۆیانەی کەلە نێو هاوکێشەکانی ئەم جەنگەدا، سەرنجی دەچێتە سەر، بەتایبەت ئەگەر بێت و پوتن دڵنیابێت لەوەی لەئۆکرانیا شکست دەهێنێت و ناتوانێت ئامانجەکانی بپێکێت، ئەمەش مەترسی دروست دەکات بۆسەر دەسەڵاتی پوتن. بۆیە ئەگەر هەیە لەوکاتەدا پوتن ئاستی ململانێکان قوڵتر بکاتەوەو جەنگەکە سنورەکەی بەرفراوان بێت و جگە لەروسیاو ئۆکرانیا وڵاتانی دیکەی ئەوروپاو ناتۆش بێنە نێو جەنگەکەوە. تەنانەت هەندێک پێشبینی ئەوە دەکەن کەدور نییە لەکۆتاییدا، جەنگەکە بە ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ناوکی وێرانکەر لەنێوان روسیا و ڕۆژئاوا کۆتایی پێ بێت.

### ٥. شکستی روسیاو گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتە

هەرچەندە سیناریۆی کەوتنی پوتن و گۆرینی دەسەڵاتی روسیا، سیناریۆیەکی تا ڕادەیەک لاوازە، بەڵام لەگەڵ بەرەوامبونی جەنگەکەو گۆرانکارییەکانی هاوکێشەی جەنگەکە لەبەرژەوەندی ئۆکرانیا، ئەم سیناریۆیەش بیری لێدەکرێتەوە. لەمبارەیەوە لۆرنس فریدمان مامۆستای توێژینەوەی سەربازی لەکۆلێژی گینگز لەلەندەن دەڵێت: "گۆرانی سیستەمی سیاسی روسیا پێشبینیکراوە، هاوشێوەی پێشبینی کردنی گۆرینی سیستەمی سیاسی ئۆکرانیا". ئەم ئاماژەیەش لەگەڵ بەردەوامی جەنگەکەو زیادبونی ژمارەی کوژراوەکانی روسیا بیری لێدەکرێتەوە، دورنییە لەناوخۆی روسیادا نیگەرانی هاوڵاتیان زۆر زیاتر ببێت لەوەی کەئێستا هەیە و راپەرینێکی جەماوەری دروست ببێت و پوتن پەنابباتە بەر توندوتیژی بۆ دامرکانەوەی نارەزایەتییەکان، سەرئەنجام دورنییە دۆخەکە لەدەستی دەربچێت و لەدەسەڵات دوربخرێتەوە. رۆژئاواییەکانیش لەمبارەیەوە دەڵێن ئەگەر پوتن بروات و سەرکردەیەکی میانرەو جێگەی بگرێتەوە، ئەوا سزاکانی رۆژئاواش بۆ سەر روسیا سوک دەکرێن و ئەوکات پەیوەدنییە دیبلۆماسییەکانی روسیاو ئەوروپاش ئاسایی دەبنەوە. بەڵام وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەم سیناریۆیە روودانی ئاسان نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوامبونی جەنگەکەو یەکلاکردنەوەی هاوکێشەکان، زۆرجار شتی چاوەروان نەکراو بەدوای خۆیاندا دەهێنن.

## دەرئەنجام

ڕکابەری و کێشمەکێش سروشتی سیستمی سیاسی نێودەوڵەتی لە کۆن و تازەدا بووە. جەنگە گشتگیر و جیهانیەکان لە ئەنجامی ڕکابەری و دنیابینی ئایدۆلۆژی و سیاسی، ئابوری، پاوەنخوازیی جیاوازی سەرکردەو کارەکتەرە سیاسییەکانی وڵاتانەوە بووە. بۆچون و هز و خوێندنەوەی جیاوازی کارەکتەرە سیاسیە جیاوازەکان، بە تایبەت لە دنیای نێودەوڵەتی بۆ پرسە ئەمنیەکان ئەتوانێ خەسارەت و بڕیاری زیان گەیەنەر و قەرەبوو نەکراو بەدوای خۆیدا بهێنێت. چونکە زۆرجار ئەم تێگەشتنە ئەکرێ هەڵەی حسابی و خوێندنەوەی ناواقیعی بۆ بابەتەکان بکرێت و سیاسیەکان دوچاری هەڵە تێگەشت بکاتەوە.

جەنگی دەسپێشخەرانەی ئۆکرانیا بابەتێکی گرێدراوی دنیای ئاسایشی نێودەوڵەتیە، خوێندنەوەی دوو دنیا بینی جیاواز بۆ نیەت و هاوکاری دوو لایەنی نێودەوڵەتیە، بۆ بارودۆخ و پرسە جیاوازەکان. جێگیر کردنی هێزی ناتۆ لە وڵاتانی خۆرئاوای ئەوروپا، ڕوسیا دوچاری مەترسی دوبارەکردنەوەی مێژوو بۆ سیستمە سیاسیەکەی تۆخ دەکاتەوە، نیەتی ڕۆژئاوا بۆ ڕوسیایەکی نەبوو لێک دەدرێتەوە. لە ڕوانگەی ڕۆژئاوایەکان هەستانەوەی هێزێکی وەک ڕوسیا، بە سەرچاوەی گرفتی ئایدۆلۆژی و ئابوری و سیاسی بۆ سەر پرۆژەکانی ئەوان لێک دەدرێتەوە، بۆیە هاوکاری کردنی ئۆکرانیا و یەکێتی ڕۆژئاوایەکان و سزای ئابوری ڕوسیا وەک باشترین بژرادە لێک دەدەنەوە لە ئێستادا. بۆ ڕوسیاش نزیک کردنەوەی جەنگ و ناسەقامگیرکردنی ئەوروپا و هێرشکاری بۆ سەر ئۆکرانیا وەک باشترین بژاردە دادەنرێت بۆ ئەو حاڵەتە نەخوازرو چاوەڕوانکراوانەی کە ڕوبەڕویان دەبێتەوە لە ئایندەدا.

گەرچی لەئێستادا سیناریۆی چارەسەری دبلۆماسی ئەگەرێکی کراوەیە، بەڵام دیار نیە، ئەم سیناریۆیەش بەتەواوی بەکوێ دەگات، چونکە ڕوسیا ئەم تیمە دیپلۆماتکارەی ئێستای ئۆکرانیا بەدەست نیشاندەی ڕۆژئاوایەکان دادەنێت، هەر ڕێکەوتنێک و تەنازولاتێک بە سودی وڵاتانی ناتۆ لێک دەداتەوە. لە لایەکی تر وڵاتانی ناتۆ پشگیری هیچ ڕێکەوتن و دبلۆماسیەتێک ناکەن گەر بێت و خواستی و بەرژەوەندی ئەوانی تێدا ڕوون ئاشکار نەبێت. بۆیە بەردەوام بونی جەنگەکە هێشتا ئەگەرێکی کراوە و بەردەوامە، لەم نێوەندەدا سەرخان و ژێرخانی ئۆکرانیا هاوشانی زیانی گیانی و مادییەکان، زەرەرمەندی سەرەکی دەبێت، لەبەرامبەردا هاوشێوەی ئۆکرانیا زیانە گیانی و مادییەکانی ڕوسیاش لەجەنگەکەدا بەردەوام دەبن، بەهۆی بەردەوامی سزاکانی رۆژئاواشەوە، ئابوری روسیا دوچاری پاشەکشەو زیانی زیاتر دەبێت.



Day 52 - April 16, 2022 | 06:00 GMT
نەخشەی جەنگ و روبەروبونەوەی روسیاو ئۆکرانیا
BELARUS
RUSSIA
POLAND
CHERNIHIV
CHERNOBYL
SUMY
BUCHA
KYIV
KHARKIV
LVIV
UKRAINE
LUHANSK
KRAMATORSK
DNIPRO
DONETSK
ZAPORIZHZHIA
MOLDOVA
MYKOLAIV
KHERSON
MARIUPOL
ODESA
ROMANIA
Sea of Azov
Black Sea
CRIMEA
Annexed in 2014
هێڵی روبەروبونەوە
ئەو ناوچانەی هەرێمی لوهانسك
و دۆنێستك کەپشتیوانی روسیان
هەرێمی دۆنباس
قرم
ئەو ناوچانەی روسیا کۆنترۆڵی کردون
ئەو ناوچانەی روسیا هێرشی بۆ
کردون و هێشتا کۆنترۆڵ نەکراون
ئەو ناوچانەی کە ئۆکرانیا
ڕایگەیاندوە کۆنترۆڵی کردونەتەوە
ئەو ناوچانەی ئۆکرانیا جەنگییان
تێدا دەکات و کۆنترۆڵ نەکراون
ئەو ناوچانەی کەتەنها روسیا
ڕیگەیاندوە کۆنترۆڵی کردون
ناوچەی روبەروبونەوەی
گەورەو بەهێز لە 24 سەعاتی رابردودا
Source: ©Mapbox, ©OpenStreetMap | Institute for the Study of War
Last updated: April 16, 2022, 06:00 GMT
@AJLabs
ALJAZEERA

## سەرچاوەکان


- گەیلان عەباس، قەیرانەکانی ئۆکرانیا و لێکەوتەکانی، کتێبی (پرسە سیاسی و قەیرانە هەوچەرخەکان، ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، چاپی یەکەم، ٢٠١٥، لا ١٩٢-٣٠٦)
- م. تەحسین وسو عەبدوڵلا، قەیرانی ئۆکرانیا لە نێوان گریمانەکانی ڕووبەڕووبوونەوە و چارەسەرییەکان، ماڵپەڕی چاوی کورد؛
http://chawykurd.com/details.aspx?=hewal&jmare=24465&Jor=41&Jor2=5280&fbclid=IwAR2hSNe8TkEK-1TSfSyWtpKpwJDSMkup7Yp68OoazYH52lgXOtSlZABCFpg
- هەرێمی کوردستان لەنێوان روسیاو ئۆکرانیادا، ڕاپۆرتی درەو میدیا، ماڵپەڕی؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9760
- ئۆکرانیا.. هەناردەکارێکی گەورە، ڕاپۆرتی درەو میدیا، ماڵپەڕی؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9759
- ژوری بازرگانی سلێمانی، کاری بازرگانی لەگەڵ وولاتی ئۆکرانیا بەتەواوی وەستاوە، ماڵپەڕی؛
https://www.sulcci.com/%da%a9%d8%a7%d8%b1%db%8c-%d8%a8%d8%a7%d8%b2%d8%b1%da%af%d8%a
- جەنگ عێراق توشی بوژانەوەی دارایی و قەیرانی ئابوری دەکات، درەو میدیا؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10045
- العربي الجديد، اقتصاد أوكرانيا.. امكانات هائلة وقدرات ضعيفة، على الموقع الالكتروني؛
https://www.alaraby.co.uk/economy/%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF-%D8%A3%D9%88%D9%83%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%8A%D8%A7-%D8%A5%D9%85%D9%83%
- Jack S. Levy, 1997, prospect theory, rational choice, and international relations, International Studies Quarterly (1997) 41, 87–112.
- Helga Haftendorn, 1991, The SecurityPuzzle: Theory-Building and Discipline-Building in International Security, International Studies Quarterly(1991) 35, 3-17
- Robert Tollast, Mina Aldroubi, Iraq’s multibillion-dollar wheat import bill: how war in Ukraine affects the wider world, at;
https://www.thenationalnews.com/mena/2022/02/25/ukraine-war-leaves-iraq-facing-multibillion-dollar-wheat-import-bill
- Emma Simpson, Ukraine war 'catastrophic for global food', at
https://www.bbc.com/news/business-60623941#:~:text=The%20war%20in%20Ukraine%20will,essential%20raw%20materials%20from%20Rus
- Eddie Spence, Palladium Tops $3,000 as Market Braces for Hit to Russian Supply, at
https://www.bloomberg.com/news/articles/2022-03-04/palladium-tops-3-000-as-market-braces-for-hit-to-russian-supply
- Willie Vogt, Special report explores agriculture impact of Russia-Ukraine conflict, at;
https://www.farmprogress.com/market-news/special-report-explores-agriculture-impact-russia-ukraine-conflict
- FAO Food Price Index rises to record high in February, at;
https://www.fao.org/newsroom/detail/fao-food-price-index-rises-to-record-high-in-february/en
- Александр Крамаренко, Великая Отечественная 2.0;
https://russiancouncil.ru/analytics-and-comments/analytics/velikaya-otechestvennaya-2-0/